# نامەكەت گەیشت و هیواداربە

## وەڵامێک بە نامەکەی زمناکۆ عزیز بۆ ئەرسەلان بایز

كاروان نەجمەدین

دوای بڵاوبونەوەی( بابەتێكی ئەرسەلان بایز) لە ژمارە (٤٤٨٦)ی ڕۆژی ٢٠٠٨\٢\٣ ی كوردستانی نوێدا لەژێر ناوی (ڕەخنەش بە بازنەی خۆی) زمناكۆ عزیز سكرتێری ڕێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عیراق لە بەرواری ٢\٦ دا نامەیەكی كراوەی ئاراستەی ئەرسەلان بایز كرد.

زمناكۆ لەنامەكەیدا بەشێك لەو نەهامەتیانەی لەسایەی دەسەڵاتی حیزب و بزوتنەوەكەی كاك ئەرسەلاندا بەرۆكی خەڵكیان گرتوە وەك كانارمەی ئەوان و، سەركوت و زیندانەكانیانی وەك ئیسپاتی بونی سانسۆر لەكوردستان خستوەتەڕو كە هەمووی بەشیكن لەواقیعەتی كارنامەی حیزبەكەی ئەرسەلان بایز،بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نامەكەی زمناكۆدا و مەبەستی منیشە لەم وەڵامەدا هیواداری ئینسانێكە بە حیزب و بزوتنەوەكەی ئەرسەلان بایز كە واز لە ڕاو ڕوت و گەندەڵی بهێنن و وەڵامدەرەوەی خواستەكانی خەڵك بن !.

زمناكۆ عزیز دوای ئەوەی باسی كارنەمەی بزوتنەوەیەك دەكات كەلەیەكەمین ڕۆژەكانی سەرهەڵدانیانەوە دەستیان نەپاراستوە لە قەتڵی عامی موخالفینی خۆیان و بەتاڵانبردنی پاروی دەمی خەڵك و سەروەت و سامانی كوردستان ،لەخنكاندنی خواستەكانی خەڵكدا هەمیشە ئەكتیف بوون و هەن ، كەچی لەكۆتایی نامەكەیدا دەنوسێت (یەك ڕێگای مانەوە لە بەردەمتاندا ماوەتەوە ئەویش كۆتایی هێنانە بە ڕاو ڕوت و گەندەڵی و وەڵامدانەوەیە بە خواستەكانی خەڵك ، هیوادارم ئەم كارە بكەن ).

بەڵام بەڕاستی بزوتنەوەیەك كە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە بە بارمتەگرتنی نانی خەڵكو سەركوتی لایەنگرانی ئازادی بەوجۆرەی بۆیانكرابێت و چونەپشتی تەرحی برسیكردنی خەڵكی عیراق و سەدان ساتوسەودا دژی خۆشگوزەرانی خەڵك خۆیان گەیاندە ئەو مەكانەتە شەقوشڕەی هەیانەو ، دواتر بەبارمتەگرتنی نانی خەڵك و دزین و بەتاڵان بردنی سەروەتو سامانی ئەم كۆمەڵگایە دەسەڵاتی میلشیای خۆیان بەسەرسەری خەڵكەوە پاراستوە و باڵەخانە و سەروەت و داهاتی سەركردەكانیان بەوپەڕی گەیاندوە دتوانین هیواداربن بەڕەحمەتی خۆیان ئەو سەروەتو سامانە بگێڕنەوە بۆخەڵك و واز لە ڕاو ڕوت و گەندەڵی بهێنن ؟!

یان بزوتنەوەیەك كە ئەگەر خەریكی نوسینەوەی كاركردی مێژوییان بین لەپەیوەند بە سەركوتی ئازادی و تیرۆركردنی موخالفینی خۆیان ڕەنگە بۆنی خوێن كوێرمان بكات ئەتوانرێت بەكامە هیواوە ڕێگەی مانەوەیان بۆدیاری بكەین ؟!

ڕابەرایەتی بزوتنەوەیەك كە ڕاوكردن و خوێنڕشتنی حیزبەسیاسیەكانی دیكە بەشانازیەوە وەك یاداشتی شاخی شۆڕشگێڕێك دەنوسێتەوە و ئێستاش ئەرسەلان بایز نەهامەتیەكانی خەڵكی كوردستان وەك دەسكەوت و ئەزمونی بزوتنەوەكەیان و جێگەی شانازی ئەوان دیفاع لێدەكات دەبێت كامە پاڵنەر زمناكۆ بگەیەنێت بەوەی هیوا بخوازێت تۆزێك ئاوڕ لە خەڵك بدەنەوە ؟!

هەر بەپێی ئەو سەرخەتانەی زمناکۆ خۆی لە نامەکەیدا باسیان دەکات ، بزوتنەوەیەك کە بە مێژوی ١٧ساڵی دەسەڵاتی نەك نەیتوانیوە ڕۆژێك لەڕۆژان وەڵامدەرەوەی بچوکترین خواستی خەڵك بێت بەڵکو هەمووڕۆژە سەنگەری بەرەنگاربونەوەی خواستەکانی خەڵك قایمتردەکات ، زیندانەکانیان گەیشتوە بەوجێگایەی ئینسان لەناویاندا گیان لەدەست دەدات ، دەستڕێژی گولە لە خۆپیشاندان و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتیەجەماوەریەکان ،وەستانەوە دژی خواستی سەربەخۆیی کوردستان ،ناچارکردنی ئینسان بەوە بۆتێرکردنی بەشێکی جەستەی بەشێکی دیکەی بفرۆشێت کە گورچیلەیانە ،تیرۆرکردنی کۆمۆنیستەکان بە ڕۆژی ڕوناك ماهیەتی بزوتنەوەیەك بێت چۆندەتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستەکانی خەڵك بێت وەك زمناکۆ هیواخوازە حیزبەکەی ئەرسەلان بایز ئەم کاسپەرەبێت ؟!

بەڵام خۆ ئەگەر گریمانەیەك دابنێن و حیزبەکەی ئەرسەلان بایز و دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالزمی کورد لەبەر ڕۆشنایی پێشنیارەکەی زمناکۆدا ڕێگەی مانەوەی خۆیان هەڵبژێرن و واز لە ڕاو ڕوت و گەندەڵی بهێنن و هیواکەی زمناکۆ بهێننەدی ئایا چەند لە ماهیەتی ڕەشی ناسیۆنالزم کاڵدەبێتەوە و ئیتر ناسیۆنالزم شەرمەزای نیە بۆبەشەریەت ؟! ، یان خواستەکانی خەڵك بەمانە کۆتایدێت ؟ ، ئایا خەڵکی کوردستان لە مێژوویەك خۆشدەبن کە ژیانی کولەمەرگی کردوە بەنسیبیان ؟ یان بەڕاستی بەبڕوای زمناکۆ ئەمان دەمێننەوە ؟ خۆ ئەگەر واوەتربچین و دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان حکومەتێك بە مانای وشەکە دابمەزرێنن و دوربن لە ڕاوڕوت و گەندەڵی چی کەمتر دەبێت لەو حکومەتە سەرکوتگەرانەی ناسیۆنالزم کە لە مێژودا دەستیان لە بینەقاقای ئازادیەکانی خەڵکدا بوە و ئێستاش ناسیۆنالزمی عەرەبی و تورکی بە خەڵکی ژێرچەتری ڕەشی دەسەڵاتەکەیانی دەکەن؟!، یان لە باشترین حاڵەتدا یاسای دەوڵەتەکەیان چەشنی ئەو یاسایە دەبێت کە ئێستا دەیانەوێت لە پەرلەمانەکەیاندا ئازادی ڕۆژنامەگەری پێ بخنکێنن وجێگەی نەفرەتی تەواوی ئازادی خوازانی کوردستانە.

من پێم وایە ڕێگە دانان بۆمانەوەی دەسەڵاتی ئەحزابی دەسەڵاتدارانی کوردستان بە نەهێشتنی گەندەڵی و وەڵام دانەوە بە خواستەکانی خەڵك بێجگەلەوەی تەوەهومە بەوەی حیزبەکەی ئەرسەلان بایز واز لە ڕاوڕت بێنێت هیواکەی زمناکۆش لەباردەبات بەوەی زەڕەیەك بێنە پای وەڵامدانەوە بەخواستەکانی خەڵك ، لەباشترین حاڵەتدا پینەکردنی شەبەقەکانی دەسەڵاتە لەقاڵبێکی ڕیفورمیستی تەڵەبخوازانەدا کە ئەمەش وتەیەکی لینینمان بیردێنێتەوە کە دەڵێت (گێلیە بۆ حیزبێکی کۆمۆنیستی داواله بۆرژوازی بکات دیموکرتی بن) . جامی خەڵکی کوردستان بەرانبەر دەسەلاتی ئەم ئەحزابانە لێی دەڕژێت و ئومێدێکیان نەماوە بەو کارتەسواوەی وەك هەراوهوریای قەومیانە ساڵانێکە دەکرێت بە گوێچکەی خەڵکدا ناڕەزایەتی و هاتنەسەرجادە زیندوترین نمونەکانن ،کام جێگا هەیە سەری پێدا بکرێت و هاتوهاوار لەدەست ئەم ئەحزابانە گوێچکە کەڕنەکات ؟ ، بۆیە تاکەڕێگە بۆ کۆتایی هێنان بە ڕاوڕوت و گەندەڵی چونەپشتی ناڕزایەتیە جەماوەریەکانی کوردستان و بەهێزکردنی هەرچی زیاتری ڕوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك بەدیلی ڕیشەیی و کۆتا هێنان بەدەسەڵاتی ئەحزابی دەسەڵاتدارانی کوردستانە ، نەك هیواخواز مانەوە بەدیار ئەو نەخۆشەوە کە دکتۆر ئیزنی داوە .



karwanmj@yahoo.com